نەفرەت ولەعنەتی خوای گەورە لە سەر جولەکە وگاورەکان، گۆڕی پێغەمبەرەکانیان کرد بە مزگەوت

لە عائیشە وعبد اللە کوڕی عەباسەوە -ڕەزای خوایان لێبێت- دەڵێن: کاتێك پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- تووشی نەخۆشیە سەختەکە بوو ؛ پارچە قوماشێکی دا بەسەر ڕوویدا، ئەگەر تووشی هەناسە تەنگی بووایە ؛ لەسەر ڕووی لایدەدا، لەسەر ئەم حاڵەتە ؛ فەرمووی: «نەفرەت ولەعنەتی خوای گەورە لە سەر جولەکە وگاورەکان، گۆڕی پێغەمبەرەکانیان کرد بە مزگەوت» ؛ هۆشداری دەدا لە ئەم کارەیان.

[سەحیح - ڕاست)] [(البخاري ومسلم) هاوڕان لەسەری)]

عائیشە وعبداللەی کوڕی عەباس -ڕەزایان خوای لێبێت- باسی ئەوەمان بۆ دەکەن کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- کاتێك لە کۆتا ساتەکانی ژیانیدا بوو ؛ پارچە قوماشێکی لەسەر ڕووی دادەنا، ئەگەر هەناسەی توند بووایە بەهۆی سەرەمەرگ ؛ لەسەر ڕووی لایدەدا. کاتێك لەم حاڵە سەختەدا بوو فەرمووی: نەفرەت ولەعنەتی خوای گەورە لە سەر جولەکە وگاورەکان و لەڕەحمەتی خۆی دووریان بخاتەوە، ئەمیش بەهۆی ئەوەی مزگەوتیان لەسەر گۆڕی پێغەمبەرەکانیان دروست دەکرد. ئەگەر بابەتەکە زۆر ترسناك نەبووایە ؛ لەم حاڵەتە سەختەدا باسی نەدەکرد، وهەروەها نەهی کردووە لە ئومەتەکەی ئەو کردەوەیە بکەن ؛ چونکە خۆشوبهاندنە بە جولەکە وگاوڕەکان، وهەروەها هۆکارە بۆ شیرك وهاوبەش پڕیاردان بۆ خوای گەورە -عز وجل-.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/3330